# تاڵەبانی و "کوشتاری مەزهەبی" وەهەڵڕشتنی فرمێسکی درۆ!

**خەسرەو سایە**

k.saya@ukonline.co.uk

ڕۆژی 10 ئەم مانگە، تاڵەبانی بەئیمزای خۆی بەیاننامەیەکی سەبارەت بەپەرەگرتنی "کوشتاری مەزهەبی" لەشارەکانی عێراق، بلاوکردەوە. ئەم بەیاننامەیە کەبۆیەکمجار لەزمانی سەرۆك كۆمارەوە ئامارەکانی کوشت وبڕی مەزهەبی وئەنجامەکانی ئەو توندوتیژیەی کەلەشەڕی تایەفەگەریدا کەوتۆتەوە، ئاشکرا دەکاو هەرلەزاری ئەویشەوە هۆکارەکانی پشتی ئەم ڕووداوانە دەشێوێندرێ بەم هۆیەشەوە ڕاستیەکان لە خەڵکی ووندەکرێ، بۆیە بەپویست ئیمەو هەر ئینسانیکی ئازادیخواز لەبەرامبەردا دینیتە قسە.

سەرەتا تاڵەبانی وانیشان دەدات کەئەوە یەکمجارە ڕاپۆرتی کوژراو وتەرمە نەنانسراوەکان ببینێ وبەوجۆرەش ئاماری ئاخرین ڕاپۆرتی تاوانەکان ڕای بچڵەکێنی وپێی دڵتەنگ ببێ!.. گۆایە هەوالەکانی ئەم کوشت وبڕیە، لەلای جەنابیان میژینەیەکی پیشتری نیە و ئەوە ئەوە کەتازە لەئەستیرەیەکی تروە دابەزیوە و کورسی سەرۆك کوماریان پێ بەخشیوە!. بەلام ئەگەر هەر لەوئاستەدا ڕاوەستین کەتالەبانی ناچارکردووە بەهەلرشتنی فرمیسکی درۆ، ئەوا داننان بەوەی 1091 تەرمی کوژروا، بەتەنها لەشاری بەغدا ولەمانگی نیساندا بەبێ ژمارەی قوربانیان لەشارەکانی تری عیراق و ئەوانەشی کەناویان تومارنەکراوە، بەسە بۆئەوەی کەعیراقی ژێر سایەی سەرۆکایەتی تاڵەبانی و هاوپاران ودوستانی ئەمریکاییان سەری لەنیو شەرێکی تایەفەگەری توندا دەرهیناوە، کەلەتوانای ئەمریکاو حکومەتەکەی تالەبانیدا، نییە کونترۆلبکرێ. بەواتایەکی تر ئەم دانپێدانان وئاشکرکردنە، هەرچەندە گۆشەیەکی بچوکی بارۆدخە خوێناوییەکانی ئیٚستای عێراق دەخاتەڕوو، بەلام ئەمە ئەتوانی بەڵگەیەکی واقعی بێت بۆهەموو ئەوانەی کەئینکاری لەئارادابوونی شەری تایەفەگەری نیوخوی باڵەئیسلامی و قەومییەکان لەعیراقدا دەکەن. لەمبارەوە تالەبانی لەبەیانەکەیدا بەئاشکرا خوی لەگێلی داوە و نایەوێت ئەم ڕاستیە بسەلمێنێ وناوی لێ بنێ. بەتایبەتی کاتێك کە دەلێ:"ئێمە دوچاری دیاردەیەك بوینەتەوە کەکەمتر نییە لەکردەوەی تیرۆریستیەکان". ئایا تاڵەبانی دەتوانی ناویك بۆئەم "دیاردەیە"ی کەدووچاری بووە، جگەلەشەری ناوخوی تایەفەگەری بدۆزیتەوە؟ ئەگەر نا ئەو شەپۆلی خوینرشتنە و ئەو تەنورە گەرمە ناودەنی چی کەبەناوی عومەرو عەلی و حەیدەرو عەباس وشیعەو سوونە وە لەشارەکانی ناوەڕاست و خواروی عیراقدا داخراوە و ڕۆژانە چەندین ئیسنانی بێتاوان و مەدەنی دەکاتە سوتەمەنی خوی؟

لەمەش زیاتر بەیننامەکەی تالەبانی تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو کوشتارەی کەبەهۆی "ئینتمایی مەزهەبیەوە"ئامارەکانی هاتۆتە نیو ڕاپۆرتەکانی سەرۆکایەتییەوە. گوایە کەسی تر بەهۆی تروە ناکوژری و ئەشکەنجە نادری؟! دەلێ ی تاڵەبانی تازە بەئاگا هاتووە. یان نایەوێت ئاکامەکانی ئەوجەنگە ببینێت کە 3 سالە کۆماڵگای عیراقی کاولکردووە و ژیانی 20 ملیۆن ئینسانی خستۆتە بەردەم لێواری مەرگەوە!. ڕەنگە جەنابی سەرۆك كۆمار ڕاپۆرتی تاوان و کوشتارەکانی جەنگێکی پێنەدرابێت کە3 سالە ئەمریکا بەسەر خەلکی عیراقەوە بەڕێوەی دەبات، جەنگیك کەبەهەزاران تەن بۆمباو باروت و ئاسنی گراوی بەسەر ماڵ و حاڵ وشوێنی زیندەگی ملیۆنەها ئینسانی بیدیفاعدا باران.. گوایە ئەوانەی لەشەرەکانی فەلوجە وبەسراو ڕوومادی وبەغدا دەکوژرین و دەبنە قوربانی پەلاماردانە سەربازیەکانی ئەمریکاو عەملیاتی پاکتاوکردنی ناوچەکان، "ژن و دایکیکی کۆست کەوتوو" و"باوکێکی جەرگ سووتاو" یان لەپشتەوە نییە!! ئایا ئەوانەی لەفەزیحەی زیندانەکانی ئەبووغریب و وەزارەتی ناوخۆدا ئەشکەنجە دراون ودەستدرێژییان کراوەتە سەر ئینسانی ئەم ولاتەنین واغیرەت وبەزەیی جەنابی تالەبانی نابزوینی وئامادەنیە باسیان لێوەبکاو ئامارەکانیان بخاتە ڕوو؟ ئایا ئەوانەی کەبوونە خوراکی گولە تۆپی جەنگی ئەمریکا ولەنیو ماڵ و حاڵ خویان ولەکۆلان و شەقامەکانی شاردا لاشەیان لەت و پەت بوو، ئامارەکانی کەمترە لەوەی لە"خوینرشتنی مەزهەبیدا" ڕاپۆرتی لێدراوە؟ ئاخر خۆ ئەمریکا نە گوڵ بارانی خەلکی مەدەنی دەکاو نە تۆپ و تانکەکانی چەکی ئاوپرژینە.!! بەلام دیارە تالەبانی نایەوێت ڕاپۆرتی قوربانییەکای ئەم جەنگە بخاتەروو، چونکە ئەمریکاو هیزە داگیرکەرکەی بەهیزی"ڕزگاری وفریشتەی نەجاتی" خەلکی عیراق دەزانێ، هەربۆیە ئەو شتەی کەبۆئەو بۆتە پێوانەی تاوانکاری و ئینسان کوژی لەبارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا، تەنها" تیرۆریستانێکە کەئۆتۆمبیلی مین ڕیژکراو دەتەقیننەوە" ونە هیچ لایەنیکی‌تر!!

بەلام تالەبانی هۆکاری ئەم پەرەگرتنەی "تاوانەکانی خوینریژی مەزهەبی" بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟

بەیننامەکەی سەروک کۆمار پێمان دەلێت " لاوازی دام و دەزگاکانی دەولەت وکەمتەرخەمی لەبەشداری پێکردنی گشت پێکیهنەرەکان، کەلێنی بۆ باندەکانی تیرۆر خۆشکردووە" بەم دەربرینە تالەبانی جگەلەوەی بازی داوە بەسەر ڕۆلی ئەمریکاو جەنگ و داگیرکارییەکەی و سیاسەتیك کەلەزیندوو کردنەوەی دەستەوتاقمی قەومی وئیسلامی و ڕاکێشانیان بۆنیو دەسەلات، هاوکات خەریکە خوی و حکومەتەکەی قوتار دەکات. لەکاتیکدا هیچ شتێك لەوە بەلگەدار تر نییە کە ڕووداوەکانی ئیستاو شەری تایەفەگەری بەرهەم و دریژکراوەی سیناریۆیەکی ڕەشە کە بەدوای جەنگێکدا سەری هەلداوە کەئەمریکاو هاوپەیمانانی وەك تالەبانی وبەرزانی و جەعفەری و عەلاو ویاوەرو چەلەبی و سیستانی وئەوانی تر تیایدا بەشدارن و موری تەئیدیان لێداوە. تەنانەت دەسەلاتیکی بانخەلکی کەئیستا لەئارادایە جگەلەوەی پاڵیداوە بەتانك و تۆپی ئەمریکاییەوە و بەپشتیوانەی سیاسەتەکانی ئەو ڕاوەستاوە، هەر خودی خوشی هۆکارێکی سەرهەلدانی ئەم خوێنرێژییە مەزهەبییەیە. تاڵەبانی نایەوێت ئاماژە بەرۆلی میلیشیا چەکدارەکانی وەك "ئەلبەدر" و" ئەلمەهدی" و "فیرقەی مەوت" و"پیشمەرگە" و دەیان نمونەی تر بدات کەبەدەستی دەسەلاتی ئیستاوەن و بەشیکن لە پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخووپۆلیس ودەزگای ئەمنی

عیراقی وبەشی هەرە زەۆری ئەم تاوان و توندو تیژیەش بەبەرنامەو پەلامارەکانی ئەوان بۆسەر خەلکی مەدەنی دەخولقێت. لەمانەش سەیرتر تالەبانی گلەیی لەوە دەکات کەهیشتا "گشت بەشە پیکهینەرەکان" لە دەسەلاتدا بەشداری پێنەکراوە!! بۆیە وا ئەم فەوزاو کوشتارە کەوتۆتەڕێ!! لەکاتیکدا هەموو دەزانین کە ئەوە دەستەو تاقمی سوننی و شیعەو پاشماوەکانی بەعس و سەرۆك عەشیرەت و دەیان دەستەو تاقمی تیرۆریستی ئیسلامین دەسەلاتیان بەسەردا دابەشکراوە و ئەوە شەڕو کێشەی نیوان هەر ئەم پێکهاتوانەیە لەسەر دەسەلات کە لەژیر سیبەری داگیرکارو سیاسەتەکانی ئەمریکادا بەربوونەتە گیانی خەلکی عیراق و بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی دەسەلات ئەم شەڕەو ئەم خوێنڕشتنەیان بەناوی" ئینتمای مەزهەبی"یەوە بەڕێ خستوە. تاڵەبانی بەدوای ئەوەدا کەهیچ ووشەیەك لەسەر ئەم راستییانە نایەت بەزاری یدا و خۆی لێیان دەبوێرێ چەند هەنگاوێکی پوچ وەك رێگاچارە بۆبەرگرتن بەم حاڵەتانە پێشنیار دەکات: یەکێکیان ئەوەی پەلە بکرێ بۆ سەرخستنی "پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی" ودووەمیان لەپارتە سیاسییەکان ومەلای مزگەوت و قەشەو پیاوانی ئاینی و مەزهەبەکان داوابکرێ فتوا لەدژی تاوانەکانی ئەم خوێنڕیژیەیە دەربکەن و ئیدانەبکەن. سیهەمیش " هاولاتیان هاوکاری دام و دەزگای دەولەت بکەن".

لەپێشدا، لەبارەی ئەم هەنگاوانەوە تاڵەبانی ئەتوانی پێمان بلێ کەبۆ "حکومەتی یەکێتی نیشتمانی" پێکناهێنن؟ ئایا کەس دەستی گرتوون وجگەلە ئەمریکاو ئەوانەی کەلە"پرۆسەی سیاسیدا" بەشدارن، کێ ی تر هەیە هۆکاری ئەم پیکنەهاتنە بن؟! بەلام تاڵەبانی مەبەستی لە"حکومەتی یەکێتی نیشتمانی" چ‌یە، کەرۆژانە لەزاری دیتەدەرەوە؟ ئایا پێکهاتنی حکومەتیکی ئاوا مومکینە ودەتوانی گرفتی ئەمنەیەت و ئاسایشی کۆمەلگا چارەسەر بکات؟ .

تەجروبەی 3ی سالی نێوپرۆسەیەکی سیاسی کە تاڵەبانی و هاویارانی تیا بەشدار ن ئەوەی سەلماندووە کە"حکومەتی یەکیتی نیشتمانی" جگەلە تەوافق و موسالەحەو زەواجێکی سیاسی بەزۆری نێوان دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی و عەشیرەتی و پاشماوەکانی بەعس وبەفشاری ئەمریکا شتیکی تر نابیت. لەمەش زیاتر ئەوە "حکومەتی یەکێتی نیشتمانی" ئەم پێکهاتوانە ن‌یە کەدەتوانی ئەمنەیەت و ئارامی بۆ کۆمەڵگا بگێڕیتەوە، بەلکو خود هەر ئەو دەسەلاتانە بوون کەلەم 3 سالەی رابردوودا دامەزراون و وەك فاکتۆریکی قولبوونەوەی نائەمنی و شەری تایەفەگەری دەوریان گیراوە.

بەلام ئەوەی لەهەموو شتیك ڕووکەشترە ئەوەیە کە داوا لە لەپارتە سیاسی‌یەکان ومەلای مزگەوت و قەشەو پیاوانی ئاینی و مەزهەبەکان بکری کە"فتوای ئیدانەکردن"ی ئەم تاوانانە دەرکەن وخەڵکیش بێت بەهاوکاری حکومەتەوە!! تالەبانی ئەڵێ‌ی ئاگای لەوەنییە کەرۆژانە بەیننامەو "پارتە سیاسی‌یەکان" و فتوای سیستانی و عولەمای ئاینی بەدژی ئەم یان ئەو باڵەی شەری تایەفەگەری دەردەچن و بەدوای ئەوەشەدا کە هەرلایەنە بەڵێن دەدەن تۆلەنەکەنەوە، کەچی تادێت کوشتار وئینسان دزین وئەشەکنجە وئەتکردنی لاشەو فڕیدانیان لەنێو کۆلان وشەقامەکاندا، هەر لەبن دەستی ئەمانەوە درێژەی پێدەدرێ. پاشان خەڵکی دەتوانن هاوکاری چ دەسەلاتیك بن کە خۆی بۆتە بۆمبایەك و ڕۆژانە بەڕووی هەرئەوخەڵکەدا دەتەقیتەوە. ئایا دەسەلاتێك کەبان خەلکیەو دەیان دەزگای ئینسان کوژی و میلیشیای چەکدارو زیندانی و شوینی ئەشکەنجەدانی نهینی وئاشکرای بەدەستەوەیە، دەتوانی چ جێگایەك بێت بۆ رووتیکردن و هاوکاری خەلك؟.. لەراستیدا ئەوەی تاڵەبانی لەخەڵکی عیراقی داوادەکات بۆ هاوکاری کردن نەك قسەیەکی بێجێیە، بەلکو تەلیسمێکە کەدەیەوێت دەم و دەستی خەلکی پی ببەستیت وهەموو ئەو حاڵەتە ناهەموارەی کە خەلکی بەهۆی ئەم دەسەلاتەو دام و دەزگاکانی‌یەوە بەرەو ڕوویان کراوەتەوە فەرامۆش بکەن. دەنا خەڵکی عیراق چون دەتوانن ببنە هاوکاری دەسەلاتێك کە سەرچاوەی پشێوی و نائارامی، بێکاری و نەبوونی، وبیخەدەماتی و دەیان دەرد و بەلایترە بۆیان. ئایا دەسەلاتێك کە نەتوانی وەلام بە بژێوی خەلك بداتەوە و لانی کەمی ئاوکارەباو خزمەتکوزاری لە کۆمەلگادا دابین بکات، دەبێ بۆ چاوەروانی ئەوە بێت لەلایەن خەلکەوە هاوکاری بکرێت!؟

لەکۆتایدا دەبێ ئەوە بڵێم کەتاڵەبانی و بەیەنامەکەی هەرچەند بیەوێت بەزمانی بەزەیی ومرۆڤدۆستییەوە بدوێ، هەرچەند هەوڵبدات خۆی بەخەمخوری خەڵکی شارەکانی عێراق بزانێ، بەلام ئەوە خەڵکی شارەکانی بەغداو ناوەراست و خواروی عیراقن کەناتوانن هەڵویستی تاوان کارانەی تالەبانی و بزوتنەوەی کوردایەتی لەبیربېنەوە. تاڵەبانی‌یەك کەبۆقازانجی "قەومی" وحیزب وبزوتنەوەکەی کەوتە پێشلەشکری ئەمریکاو جەنگەکەی و ڕێگای قەسابی کردنی ژنان و لاوان و کرێکاران و خەلکی مەدەنی عیراقی هەڵبژارد و مۆری تەئیدی لەسیاسەتی کاولکاری و داڕمانی کۆمەلگا داو دەستی خستە نیو دەستی کۆنەپەرستانی ئیسلامی و تیرۆریستانەوە، هەرگیز ناتوانێ خۆی لەتاوان و خوینڕیژی‌یەکانی ئێستاش بێبەری بکات. بەم راستی‌یەوە ئەوە لاوانی بەغداد و ژنان و کرێکارانن کەدرەنگ یازوو تاڵەبانی و نمونەکانی وەك ئەو کەلەهاوشانی بۆش و بلیەیردا ڕاوەستان و دەستیان لەخوڵقاندنی باورخە ناهەموارەکانی ئێستای عیراقدا هەیە، لەدادگای جەماوەریدا دەخەنە نێو قەفەزی ئیتهامەوە!!

2006/5/12